گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر عیراق دوای 2011

# (ئامانج و ئامرازەکان)

**پ.ی. د. ئازاد عوسمان صالح**
بەشی پەیوەندییەنێودەولەتییەکان و دبلۆماسی، کولیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق ( خانەنشین)
salih.azad@gmail.com

**م. بیستون عمر نوری**
بەشی پەیوەندییەنێودەولەتییەکان و دبلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عێراق
beastun.nuri@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٥/٢١
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/٢٥
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Strategy, National Security, Iraq, Turkey, Objective, Means, Interests, Smart Power*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.11

## پوختە

لە سەرەتای دەیەی پێشوو شەپۆلێك گۆڕانکاریی گرنگ لەناوچەکە روویدا، کە کاریگەریی هەبوو لەسەر تێکچوونی ئاسایش و بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی، و ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر گۆرینی جیۆستراتیجیەتی هیز، و دەرفەتێك دروستبوو بۆ هێزە هەرێمییەکان بەمەبەستی سەپاندنی هەژموون و کاراکردنی چالاکییەکانیان.بەمەش دووبارە پێداچوونەوەیان کرد بە ستراتیجییە تەکانیان، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانیان.

لەچوارچێوەی ئەم گۆڕانکاریانەدا ئاراستە و روانگەی ستراتیجیەتی تورکیاش گۆڕانکاریی بەسەرداهات، بەرامبەر ناوچەکە بەگشتی و عیراق بەتایبەتی، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکانی، بەقۆستنەوەی دەرفەت، چونکە عیراق لەنێو بەشێکی زۆری رووداوەکان بوو؛ هەروەها بەحوکمی ئەو هاوسنوریی و ئەوپێگە

جوگرافییەی هەیەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هەیە. بەمەش دووبارە دارشتنەوەی ستراتیجەتی تورکیا بەرامبەر بە عیراق لەپێناو توندکردنی سنوور و جەختکردن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق بۆ دلنیابوون لە سەلامەتی ئاسایشی نەتەوەیی، وبۆ گەیشتن بەئامانجە تایبەتە کانی وەك ڕێگریکردن و دەورەدانی پرسی کیانی کوردی، زیادکردنی هەژموونی خۆی، سودوەرگرتن لە سەرچاوەئابوورییەکانی عیراق، بە پشتبەستن بەچەندین ئامرازای جیاواز وەك (سوپا، هەواڵگریی، ڕاگەیاندن، پارتە تورکمانییەکانی سەربە وی).

## پێشەکی

دوای سالی 2011 ڕووداوی گرنگ لە ناوچەکە ڕوویاندا، وئاسایشی هەرێمیی چوە قۆناغێکی نوێ و نادلنیایی، چونکە کاراکتەری نوێ دروستبوون. لەبەرئەوەی عیراق ئەو کاتە لەنێوەندی ئەم ڕووداوانە بوو، باروودۆخی عیراق گۆرانکاریی بەسەرداهات و ناسەقامگیریی ونادلنیایی بەخۆیەوەبینی. ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، چونکە هاوسنوریی نێوانیان گاریگەرییەکان خێرا دەگوازرێنەوە. بەهۆی ئەوەی پێگەی عیراق گرنگە بۆتورکیا و دەکەوێتە ناوچە گرنگی پێدراوەکان و پشتێنەی ستراتیجی تورکیا **(بەتایبەتی لەبەر دۆزی هەلواسراوی کورد لەناوچەکە)،** هەمیشە تورکیا گرنگییەکی تایبەت بەعیراق دەدات و خاوەن هەلوێستی تایبەتە بەرامبەر بارودۆخی عیراق، بۆیە ئەمە گۆرانکاریی لە پەیوەندی نێوان هەردوولایەن دروستکردو و ئاراستەی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر عیراق گۆرا، لەرووی سیاسیی و ئابووریی و ئاسایش، هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تورکیا. بۆئەم مەبەستە حکومەتی تورکیا هەنگاوی کردەیی گرتەبەر بەرامبەر عیراق وەك هێزێکی هەرێمیی کارا، بۆ گەیشتن بەئامانجە تایبەتە باڵاکانی کە بریتین لە بەرتەسکردنەوەی ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی وسوودوەرگرتن لەسەرچاوە ئابوورییەکانی و زیادکردنی هەژموون و بنکەلشکرییەکانی لەعیراق. بێگومان گەیشتن بەم ئامانجانە لەرێگەی پیادەکردنی چەند ئامرازێکەوە دەبێت، کە هەریەکە لەسوپا و و هیزی زیرەك و دەزگای هەواڵگریی و ڕاگەیاندن و پارتەتورکمانییەکان لەخۆدەگرێت. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە مەترسییەکان لە سنووورە نزیکەکان خێراتر دەگوازرێنەوە وەك لە سنووورە دوورەکان، هەروەها

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عیراق و تورکیا هاوبەشی یەکدین و بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانن، چونکە عیراق سەرچاوەیەکی گرنی وزەیە، لەهەمان کاتدا تورکیا سەرچاوەیەکی گرنگ و خاوەن کوالیتی بەرزە لەکالاکان. لەگەڵ ئەمانەشدا تورکیا لەرێگەی عیراقەوە دەتوانێت هاوسەنگیی هەرێمیی خۆی بپارێزێت بەرامبەر بەهێزە هەرێمییەکانی دیکە، بەتایبەتی ئیران.

## گرفتی توێژینەوە

عیراق دوای 2011 چوە نێو قۆناغێکی نادلنیایی، بەهۆی ئەورووداوانەی ڕوویاندا گۆرانکاریی لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابووریی و ئاسایش بەدیارکەوت، وئاسایشی هەرێمییش گۆرانکاریی بەسەرداهات. تورکیا وەك هێزێکی هەرێمیی کارا، ئەو گۆرانکاریانەی کە لەعیراق ڕوویاندا کاریان لێیکرد، بەمەش ئاراستەی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر عیراق گۆرانکاریی بەسەرداهات. لێرەدا گرفتی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارە دەبینێتەوە: ئایا پەیرەوکردنی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا وابەستەی چ ئامراز و ئامانجێکە؟

## گرنگیی تویژینەوە

ئاسایشی نەتەوەیی پرسێکی هەستیارە وگرنگە و جێگای تێرامان و خوێندنەوەیە بەتایبەت لە چوارچێوەی ستراتیجیەت دا، و دەکرێت مەبەستی سیاسیی لەپشتەوە بێت. لەبەرئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرە بە بارودۆخی عیراق، بەتایبەتی لەبەر هەستیاریی تورکیا سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە عیراق. شیکردنەوەی گرنگی پێگەی عیراق بۆ تورکیا هەروەها لێکۆلینەوە لە ستراتیجیەتی  تورکیا بەرامبەر عیراق لەبەر ڕۆشنایی ئامرازەکان و ئامانجی دیار و شاراوە گرنگییەکی تایبەت دەبەخشێت بەم تویژینەوەیە.

## ئامانجەکانی توێژینەوە

هەرتوێژینەوەیەك ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، گرنگترین ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە خۆیان لەم خالانەی خوارەوە دەبیننەوە:-

1- ڕوونکردنەوەی گرنگیی پێگەی عیراق لەرووی جیۆسیاسییەوە و شیکردنەوەی کاریگەریی لەسەر تورکیا، و ڕەنگدانەوەی لەسەر دارشتنی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.

2- لێکۆڵینەوە لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر بە عیراق بەگشتیی و بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەماوەی توێژینەوەکە دا، لەبەر ڕۆشنایی ئامرازە بەکارهێنراوەکان و ڕیکارە سیاسییەکان و کردەوە لەشکرییەکان.

**گریمانەی تویژینەوە**

بۆ گەیشتن بەوەڵامی دورست بۆپرسیاری سەرەکی لە چوارچێوەی گرفتی تویژینەوەکەدا، ئەم گریمانەیە دەخەینەروو: دارشتنی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر عیراق دوای 2011 گرێدراوی هەلکەوتەی جوگرافیای عیراق و ئەو ڕووداوانەی کە لە عیراق دا ڕوویانداوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە پەرەسەندن و چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عیراق و پشتگوێخستن و تەشەنەکردنی دۆزی کورد لە تورکیا و پەلهاوێشتنی بۆ کوردستانی عیراق.

**میتۆدی تویژینەوە**

بەلەبەرچاوگرتنی گرفت و گریمانەی تویژینەوەکە، جگە لە میتۆدی مێژوویی بەلگەیی بۆ ڕوونکردنەوە و دیارکردنی ڕووداو و پەیوەندیی دوولایەنیی، میتۆدی وەسفی شیکاریی بەگونجاو دەزانین بۆ وەسفکردنی بابەتە پەیوەندیدارەکان و شیکردنەوەی چۆنیەتی کاریگەربوونی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر عیراق، بەتایبەتی ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەرۆک. هەروەها سوود لە تیۆرییەکانی پەیوەندیی نێودەولەتیی دەبێبین، بەتایبەتی تیۆریی ریالیزم بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی نەخشە و ئامانجەکانی ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر بە عیراق بەگشتیی.

**پەیکەری توێژینەوە**

ئەم تویژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پێکدێت لە سێ تەوەر: تەوەرەی یەکەم گرنگیی پێگەی عیراق بۆ تورکیا دەستنیشان دەکات؛ تەوەرەی دووەم لە گرنگترین ئامانجەکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر بەعیراق دەکۆڵێتەوە؛ لە تەوەری سییەمیش، ئەو ئامرازانە دیاردەکرێن کە تورکیا بەکاریاندەهێنێت بۆگەیشتن بەئامانجە ڕاستەقینەکانی ستراتیجییەتەکەی.

## تەوەرەی یەکەم: پێگەی عیراق لەستراتیجیەتی تورکیا

### لقی یەکەم: پێگەی عیراق لەرووی جوگرافیی

پێگەی جوگرافیای هەردەولەتێك یان ناوچەیەك لەسەر رووی زەوی جێگیرو نەگۆرە، بەلام بەها سیاسیی و ستراتیجیەکەی هەمیشە لەگۆراندایە، و دەوەستێتە سەر هێز و توانای دەولەت ( القيسي، 2013،ص73)٠ لەرووی جوگرافیاوە عیراق کەوتۆتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە بەشی باشوری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، ،بەشەش دەوڵەت دەورەدراوە: تورکیا لەباکور، ئیران لەرۆژهەلات، کویت لەباشور، ئوردن و سعودیە لەباشوری رۆژئاوا، سوریا لەباکوری رۆژئاوا، خاوەن هەڵکەوتەیەکی تایبەتمەندە، بەگوێرەی پێگەی فەرمی وەزارەتی پلاندانانی عیراق(وزارة التخطيط العراقي) رووبەری عیراق (435052کم$^2$) (وزراة التخطيط العراق،2022) .

بەهێزیی پێگەی عیراق دەوەستێتە سەر چەند خالێك، یەکێك لەم خالانە بریتیە لە بەیەکەوەبەستنی کلتور و شارستانیەتە جیاوازەکان(البدري، 2012،184)، ئەمە خالێکی گرنگە بۆدەوڵەت، خالێکی دیکە سەرچاوەی ئاولەخۆ دەگرێت، لەگەل ئەوەی سنوری ئاوی کەمە کە نزیکەی (15) کلم$^2$، بەڵام هاوسنوری لەگەل کەنداو گرنگیەکی زۆر بەپێگەی عیراق بەخشیوە، دەگەرێتەوە بۆ گرنگی جیۆستراتیجیەتی کەنداوی عەرەبی لەسەر ئاستی جیهان وناوچەکە لەرووی ئابوریەوە. ئەم هاوسنووررییە بازنەی گرنگی پێدان بە عیراق زیاد کردوە (القيسي، 2013، ص75) ، سەرەرای ئەم گرنگیانە دەوڵەمەندی لەبواری وزە بەتایبەت نەفت و گاز، هۆکارێکە بۆئەوەی عیراق هەولّی بوون بە یاریزانێکی سەرەکی لەململانێ هەرێمایەتیەکان بدات، لەگەڵ ئەمانەشدا بۆتە گۆرەپانی جێبەجێکردنی چەندین ململانی ستراتیجی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست(البنك الدولي العراقي،2017،ص5-6)، لەسەر ئەم بنەمایە دکتۆر خالد العرداوی لە توێژینەوەیەکی دا سەبارت بە گرنگی ستراتیجیەتی عیراق لە حیسابی هەژموونی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوە دەردەخات کە پێگەی جیۆستراتیجیەت و مێژوو و شارستانیەت و کلتور و خاکە بەپیت و سامانە سروشتیەکەی هۆکارێك بووە بۆئەوەی ببێتە جێگای بایەخ لە ستراتیجیەت وسیاسەتی دەوڵەتانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، هەر لایەنێك بتوانێت کۆنترۆلی ئەم دەولەتە بکات دەتوانێت کاریگەری دروستبکات لەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست(العرداوي،2015،ص3)

**لقی دووەم: گرنگی عیراق بۆ تورکیا**

هاوبەشی و هاوسنوریی عیراق لەگەڵ دەولەتانی دراوسێ بەندە بە لایەنی نەتەوەیی و ئاینی میژوویەوە، هەمیشە بەرژەوەندی هاوبەش بەرجەستە بووە لەگەڵ دراوسێکانیدا، ئەو بارودۆخە سیاسیە ناسەقامگیرییە کە عیراق پێدا تیپەریوە کاریگەری ڕاستوخۆی هەبووە لە سەر پەیوەندییەکان بەتایبەت لەهەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، وەك جەنگی هەشت سالەی لەگەل ئیران(1980-1988) و داگیرکردنی کویت ساڵی (1990) کاریگەریی نەرێنی خستە سەر پەیوەندی عیراق لەگەڵ دەولەتانی درواوسێ بەمەش پێگەو رۆڵی عیراق لەناوچەکە لاوازبوو(النعيمي، 2010،ص 49-50) ، بەڵام سەرەرای لاوازیی پێگەی عێراق لەناوچەکە، گرنگیەکەی بۆ تورکیا لەم خالانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

**1- لەڕووی جیۆستراتیجی:** هەڵکەوتەی جیۆستراتیجیەتی عێراق زۆر گرنگە بۆتورکیا، دەکەوێتە یەکیك لە ناوچە گرنگی پێدراوەکان لەستراتیجیەتی تورکیا کە رۆژهەڵاتی ناوەراستە، بەگوێرەی تیروانینی ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەشێك لە (قولایی ستراتیجی) تورکیا پێك دەهێنێت، لەرێگەی ئەم ناوچەیەوە دەتوانێت پێگە و رۆلی خۆی زیاد بكات(أوغلو، 2010،ص157-158) دەکەوێتە ناو ئەو پشتێنە ستراتیجیەی تورکیا کە لە باکوری قەوقاز دەستپێدەکات تادەگاتە کەنداوی عەرەبی و بە ولاتی رافدەین(میسۆپۆتامیا) (Mesopotamia)تێپەردەبێت، ئەم پشتێنەیە زۆر گرنگە بۆ تورکیا(اوغلو،2010، 433) ، هەروەها هاوسنوریی لەگەڵ عیراق وسوریا دەرگای کرانەوەیەتی بەرووی ناوچەی عەرەبی بەتەواوەتی، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت بگاتە کەنداوی عەرەبی کە لەرووی سیاسی و جوگرافی و ئابوریەوە بە لانکەی بەرەوپێشچوونی دەولەتانی ناوچەکە دادەنرێت(أبو طالب،2014، ص42). لێرەدا ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کە هاوسنوری تورکیا لەگەڵ عیراق کاریگەریی هەیە لەسەر رۆلگێرانی هەرێمیایەتی جێبەجێکردنی پرۆژەی تورکیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست چونکە عیراق دەکەوێتە چەق و کرۆکی پرۆژەکە و بەهەر گۆرانکاریەك ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەکەوێتە مەترسی.

**2-لەرووی ئابووری:** ئابووری یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر پەیوەندی نێوان تورکیا و عیراق، بەشێوەیەك هەردوو لایەن لەزۆر بواری ئابووریدا پشت بەیەك دەبەستن، گەیشتینە قۆناغێك کە ئالو

گۆری بازرگانی نیوانیان گەشەبکات( Aydin, Aras, 2005,P30). لەگەل ئەوەی تورکیا ئەو توانایە میحوەریەی کەهەیەتی، بەڵام لەرووی سەرچاوەی وزەوە بەوڵاتێکی هەژار هەژماردەکرێت، یەدەکی گازی سروشتی لەولاتەکەی تۆمار نەکراوە، یەدەکی نەوتیشی زۆر کەمە دەگاتە 296 ملیۆن بەرمیل ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە 4 هەزار بەرمیل رۆژانە(OPEC,2019,P31)، ئەم هۆکارە وادەکات کە پیویستی بە هاوردەکرنی نەوت و گاز هەبێت، لەبەرامبەر ئەمەدا عیراق سەرچاویەکی گرنگە لە بواری وزە وەك (نەوت و غاز)، کە دوو سەرچاوەی گرنگی ئابوورین بۆ تورکیا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە، هاوسنوریی لەگەل کەنداو (الخليج) دەولەمەند بەنەفت و گاز و ناوەراستی ئاسیا وەك دەریای قەزوین (بحرقزوين)، بایەخی عیراقی زیاتر کردوە ، بەشێوەیەك هەر لایەنێك دەسەلاتی بەسەر عیراق هەبێت دەتوانێت کۆنترۆلی سەرچاوەی وزەبکات و کاریگەریی لەسەر ناوچەکە هەبێت(زغدان،2015،ص75) ، بۆیە عیراق سەرچاوەیەکی دارایی گرنگە بۆتورکیا لەرووی وزە و ئالوگۆری بازرگانیەوە بەهیچ شێوەیەك تورکیا دەستبەرداری نابێت(مركز الدراسات المستقبلیە،2018، ص10) ، سەرەرای ئەمانە لە بەر ئەوەی کەرتی تایبەت لەتورکیا نزیکەی 94% کەرتی ئابووری توریکا پێك دەهێنیت بۆیە پێویستی بە بازار هەیە بۆ هەناردەکردنی کالاکان، عیراق بەگشتی و هەرێمیی کوردستان بەتایبەت باشترین بازارە بۆ کالاکان و وەبەرهێنان(فتح الله، 2017، ص168).

کەواتە، ئەمەش دوو گرنگی دەبەخشێت بەتورکیا، یەکەمیان تورکیا پێویستی بەسەرچاوەی وزەهەیە عیراق نزیکترین دەولەتە بۆ ئەم پرکردنەوەی پێداویستیەکانی، دوەمیان بۆئەوەی رۆلی هەرێمایەتی هەبیت پێویستی بە ئابوریەکی بەهیز هەیە

**3- لەرووی ئاسایش** : هاوسنوری نێوان تورکیا و عیراق هۆکارێکە بۆئەوەی هەر روداوێك لە عیراق روویدات کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ستراتیجیتەکان و پەیوەندییە هەرێمایەتیەکانی تورکیا هەبێت، بۆیە هەمیشە تورکیا هەوڵدەدات ببێتە کاراکتەرێکی سەرەکی لە گۆرەپانی سیاسی عیراق وسەنگێکی سیاسی گرنکی هەبێت لەسەر هاوکێشە سیاسیە ناوخۆییەکانی عیراق(حسين،2015،ص138) ، ئەم گرنگیەش عیراق بەگشتی و هەرێمیی کوردستان بەتایبەتی دەگرێتە خۆ، چونکە هەرێمیی کوردستان قولاییەکی ستراتیجی گرنگە بۆ ئەنکەرە بەتایبەت لەبواری بەکارهێنانی هێزی نەرم(Soft Power) **و هێزی رەق**(Hard Power ) بەرامبەر بەبزوتنەوەی رزگاری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوازی کورد لەهەریەکە لە تورکیا و سوریا چونکە دەتوانێت سنورێك بۆ چالاکیەکانی پارتی کریکارانی کوردستان(PKK) دابنێت لەنا وخاکی هەرێمیی کوردستان(مرکز الدراسات المستقبلیە،2018،ص10) ،لەبەر ڕۆشنایی پرسی ئاسایشدا کە بەردەوام بوونی هەیە لەپەیوەندی نێوانیان، یەکێك لەم پرسە جەوهەرییە ئاسایشیەکان بریتییە لە پرسی کورد لەدوای 2003 ترسی لەئایندەی پێگەی کورد هەبووە تاوەکوئێستاش کە زیاتر ترسەکە لە ئەگەری سەربەخۆیی بەرجەستە دەبێت، هەروەها ئابووریی پرسێکی دیکەی ئاسایشیە لە پەیوەندییەکان چونکە دەرفەتێکی گرنگە بۆ تورکیا فەراهەم دەکات ،بۆئەوەی ببێتە کاراکتەرێکی چالاك لەکۆنترۆلکردن و بەترانزێتکردنی نەوت وگازی عیراق بۆبازارەکانی دەوڵەتانی ئەوروپی و جیهان، هەرگرفتێك دروست بێت لە پرسە ئاسایشی ئابووری تورکیا دەکەوێتە مەترسیەوە( ئەحمەد ،2022، ل32).

**4- لەرووی مێژووییەوە:** پەیوەندییەکی قولی مێژوویی گرنگ هەیە لەنێوان تورکیا و عیراق، دەگەرێتەوە حوکمرانیکردنی ناوچەکانی ئێستای عیراق لەلایەن عوسمانییەکان بۆماوەی (386) ساڵ بەتایبەت کاتێك شا سلێمان قانونی(سلطان سلیمان القانوني) دەچێتە ناو بەغداد لەساڵی **(1534)** م، ئەم فەرمانرەواییەی تورکیا تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمی خایەند1918 (النداوي، 2012،ص62). سەرەرای بوونی پەیوەندنی نیوانیان لە بوارەکانی (ئاینی و کلتووری نەتەوایەتی) ، پەیوەندییەکی میژوویی هاوبەش هەیە لەنێوانیان لەبواری پرسی کورد، بۆیە هەلوەشاندنەوە دابەش بوونی وڵات یەکێکە لەومەترسیانەی کە سیستەمی سیاسی تورکیاو عیراق بەگەورەترین مەترسی هەژماری دەکەن، چونکە دەرئەنجامی ڕێکەوتنامەی سیڤەری ساڵی 1920 بانگەشەیە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردستان لە پارچەیەکی گەورەی باکوور و باشووری بەشی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل و ویلایەتی مووسل.، لەروانگەی تورکیا سەربەخۆیی کورد لەهەر بەشێکی کوردستانی دابەشکراو لەنێو چوار دەولەتەکان دا مەترسییەکی گەورە دروستدەکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەي بۆیە ویستی دووبارە بوونەوەی مێژوو لە ڕوانگەی تورکیا قبوڵ کراو نییە(Özçelik, 2013,S44) ، دامەزراندنی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردان لە کوردستانی باشوور (عیراق) لەساڵی 1991، کە چارەسەرێکی نێودەولەتیی پێویستیی کارەساتی کورد بوو ئەو کاتە لە عیراق، و پاشان لە سالی 2005 بە شیوەیەکی یاسایی لە دەستووری عیراق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەسپا، ترسێکی گەورەی بۆ دەسەلاتدارانی دەولەتە دابەشکەرەکانی کوردستان - بەتایبەتی تورکیا - دروستکردووە، چونکە نایانەوێت پرسی کورد لە ولاتەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەی دەستووریش چارەبکەن. ئەمە هۆکاری سەرەکیی دژایەتی حکومەتی تورکیایە سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عیراق و یەکگرتن و بەهێزبوونی، وگوایە ئاوا تورکیا ڕێگریدەکات لە گۆڕانکاریی سنوورەکان لە تورکیا و عیراق، بەتایبەتی دوای 2011 (Atmaca,2011,S180). ڕوونتریش دوای ڕیفراندۆم (2017).

## تەوەرەی دووەم : ئامانجەکانی ستراتیجەتی تورکیا لە عیراق

ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر عیراق چەندین ئامانج لەخۆدەگرێت، کە بەبۆچوونی حکومەتی تورکیا هەرئامانجێك هەڵگریی ڕەهەندێکی ئاسایشی نەتەوەییە، گرنگترین ئامانجەکان ئەمانەن:

### لقی یەکەم: پێشگرتن لە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عیراق

دەورەدانnکورد و ڕێگرتن لە سەربەخۆیی هەر بەشێکی کوردستانی دابەشکراو پرسێکی گرنگە لە ستراتیجیەتی (ئاسایشی نەتەوەیی)و تورکیا مێژوویکی کۆنی هەیە، کە دەگەرێتەوە بۆ دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و لەو ماوەیەدا هەموو ئامرازێکی دیپلۆماسی و لەشکریی بەکارهێناوە، بۆ ڕێگرتن لە سەربەخۆیی کورد و دامەزراندنی دەولەتی کوردستان، کە مافێکی ڕەوا ویستێکی هەمیشەیی نەتەوەی کوردە. ئەم ڕوانگەیە بویتە کلتورێك لە تورکیا، تا ئەو قۆناغەی پارتەکان لەسەر دژایەتیی و چارەنەکردنی پرسی کورد هاوران و هەمیشە لەم بارەیەوە ناکۆکی نێوانیان وەلادەنێن و پشتگیریی یەکدی دەکەن (حەمە، 2019،ل9)۰
لەبەرامبەردا ویستی کورد بەگشتی و هەرێمیی کوردستان لەعیراق بەتایبەتی بریتیە لە سەربەخۆیی، بەڵام تورکیا پشتبەستن بە بنەماکانی ڕەهەندی ئاسایشی نەتەوەیی بەرامبەر عیراق دەورەدانی پرسی کورد کاری لەپێشینەیانە، لەبەرامبەردا پشتگیریی لە حکومەتێك دەکەن کە توانای پارێزگاریکردنی هەبێت لە عیراقێکی یەکگرتوو یەك پارچەکە، کار بۆ ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی فیدرالیەتی هەرێمیی کوردستانکراوە، چونکە بەبروای تورکەکان هەر گۆڕانکارییەك لەم پرسە کاریگەری دەبێت لە سەر کۆی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی ناوچەکە و تورکیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.
هاوڕابوونی دەوڵەتانی دراوسێی دابەشکەری کوردستان (تورکیا، ئیران، عیراق و سوریا) سەبارەت بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مانەوەی یەکگرتوویی عیراق و مەترسییان لە دابەشبوونی عیراق و ڕەخسانی دەرفەت بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان خالی کۆکەرەوەیانە، هەرچەند نەیار و ناتەبا بن لەگەل یەکدی. تورکیا وادەڕوانێت کە پرسی کورد هەمیشە مەترسی و ئاستەنگە لەبەر دەم ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەرامبەر بە عیراق. (الصمادي،2014،ص 5)

ئەم مەترسییە پالنەرێکە بۆ بەردەوامیەتی و نەگۆڕیی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا سەبارەت بە پرسی کورد لەگشت دەوڵەتانی دراوسی و ناو تورکیا(خميس،2018،ص11). گرنگترین هەنگاوەکان لەم بوارە ئەمانەن:

1-هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی (دابەشکەری کوردستان): بە سوود وەرگرتن لە شوێنگەی هەریمی کوردستان لەرووی جوگرافییەوە، کە قەتیس ماوە لە نێوان هەرچواریان واتە دەورەدراوە لەلایەن هەرچواریان، و هیچ دەرچەی بۆ سەر دەریا نییە و خاوەنی سەروەریی ئاسمانی خۆیشی نییە؛ (محمد أمين،2021،ص354)،

2- هەماهەنگی کردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ دورستکردنی پێگەیەکی تایبەت بۆ عەرەبی سونە لەعیراق، تا لەم ڕێگەیەوە، هەم هەژموونی لە عیراق زیاتر و پتەوتر بکات، و هەم بتوانێت جگە لە هەرێم (کە تا ئێستا بە باکووری عیراق ناوی دەهێنێت) مامەلە و هەلسوکەوت لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەگەڵ کیانێکی تایبەت بەوانیش بکات( نجاد، 29ديسمبر2020)،

3- (بازگەیەکی) سنووریی دیکەی ڕاستەوخۆ لەگەل عیراق – کە لە حالەتی ئێستاکێ مەحالە، چونکە سنووریی باکووری عیراق هەمووی سنووری هەرێمی کوردستانە. بەبڕوای چاودێران ئەگەر ئەم نیازە سەربگرێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی چیدیکە هەردوو حکومەتی تورکیا و عیراق بۆ ئەنجامدانی مامەلە ئابوری و بازرگانیەکانیان لەگەل یەکدی پشت بە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل نەبەستن (هيتوتی، 22ديسمبر2020).

4-هێرشکردن بۆسەر کوردستانی سوریا (کوردستانی ڕۆژئاوا) لە عیراقیشەوە ئامانجیکی دیکەی تورکیایە بۆ پەکخستنی گەشەسەندنی پرسی کورد لەوێ واتە بۆ لەباربردنی خۆبەڕێوەبەرایەتی کوردان لەوێ، چونکە تورکیا وا دەڕوانێت ئەگەر سەرکەوتوبێت لە ریگریکردن لە گەیشتنی کوردانی

کوردستانی سوریا بە مافی خۆبەڕێوەبردن، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت ئیحتوای کیانی کوردیش بکات لەعیراق (حەمە، 2019،ل9).

**لقی دووەم: زیادبوونی ڕۆل و هەژموون لە عیراق**

کاتێك دەوڵەتێکی فرەنەتەوە شکست دەهێنێت لە چارەسەرکردنی کیشە ناوخۆییەکان بەتایبەت کێشەی تائفی و ئیتنیکی و مەزهەبی، گریمانەی بەهێز ئەوەیە ڕۆڵی دەوڵەتانی هەرێمیی زیاتر دەبێت، چونکە شکستی هەردەولەتێك لە چارەسەرکردنی کێشەی گروپە جیاوازەکانی ناو سنوورەکەی ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ لایەنی سێیەم بۆ ئەوەی دەستوەردانبکات وهەوڵی زیادبوونی هەژموونی خۆی بدات(Cament&James, 1996,P522)، هۆکاری ئەم دەستوەردانە لەلایەن تورکیا و دەوڵەتان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین بەرژەوەندییان دەستکەوێت لە عیراق، بەتایبەت لەڕوانگەی ریالیستە نوێیەکان ئەم بارودۆخە زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ڕەوایەتیپێدان به دەستوەردان و گەیشتن به ئامانجە باڵا و تایبەتەکانیان(حامد، 2019، ل5-6). ڕۆل و هەژمونی تورکیا لە عیراق دوای 2011 گرێدراوی گۆرانکاریی و بارودۆخەکانی ناوخۆی عیراق و تورکیا بووە، دوانیزمی(دوو ئاراستەی جیاواز) لەستراتیجیەتی پەیرەودەکات لە گەڵ هەریەکە لە حکومەتی ناوەندی و هەرێم، ئەم دوانیزمیە دەگەرێتەوە بۆهاوتەریب بوونی لەگەڵ هێزە هەریمییەکان بەتایبەت ئیران (سوفیان، 2018 ، ص399)

**سەرەرای بوونی چەند بەربەستێك** لەبەردەم تورکیا بۆ کەمبوونەوەی نفوزی لە عێراق لەهەمانکاتدا چەندین ڕێگای بەکارهێناوە بۆ زیادکردنی هەژموون و نفوزی خۆی بەپشت بەستن بە چەند فاکتەرێك گرنگترینیان ئەمانەن:

1-بوونی ناکۆکیی وململانێ لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی عیراق. لەم بارەوە تورکیا ڕێگەی نزیکبوونەوەی لەهەرێمی کوردستان هەلبژارد، چونکە سیاسەتی سەرۆک وەزیرانی پێشتر، نوری مالکی، کە لەسەردەمی وی دا ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق سەریهەلدا، دژی بەرژەوەندی و ئامانجە تایبەتەکانی تورکیاش بوو، بۆیە حکومەتی تورکیا ئەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرفەتەی قۆستەوە بۆ زیاترکردنی رۆلی خۆی لەرووی سیاسیی و ئابووریی و لەشکریی لە هەرێم ( باکیر، 2019) .

2- ململانی نیوان ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئێران ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر زیادبوونی هەژمون و نفوزی تورکیا لەعێراق. بۆئەوەی ململانێ لەنیوان عیراق و تورکیا رورونەدات و سەقامگیریی لەعیراق بەرجەستەبێت پیویستی بە هاوسەنگی هێزێکی هەرێمیی هەبوو لەبەرامبەر ئیران، تورکیا باشترین بژاردەیە(النعیمي، 2022/12/10).

**3**- سەرەرای ئەوەی لەساڵی 2014 گۆرانکاریی لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و تورکیا روویدا، بەهۆی پیکهێنانی حکومەتی نوی لەلایەن (حیدر عبادی) و پاشان لەلایەن (عادل عبدالمهدي)، پەیوەندیی دبلۆماسیی گەشەی کرد، سەردانەکان زیادیان کرد لەسەر ئاستی باڵا ئەنجومەنی هاریکاریی ستراتیجیان دامەزران( مجلس التعاون الاستراتیجي) .(باکیر،2019)

5- گەمارۆکانی سەرئێران، دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ لێك نزيك بوونەوەی عێراق و تورکیا، بۆئەوەی زیاتر پشت بەیەك ببەستن لەبواری ئابووری بەگشتی و وزە بەتایبەتی(باکیر،2019).

6-بوونی پەکەکە لەعیراق دەرفەتێکی دیکە دەدات بە تورکیا چالاکییەکانی لەعیراق زیادبکات و بە بیانوی ئەوەی هەرەشەن بۆسەرئاسایشی نەتەوەیی(Alibabalu,2020, P150).

**لقی سێیەم: سودوەرگرتن لە ئابووری وسەرچاوە سروشتییەکانی عیراق**

لەڕووی ئابوورییەوە عیراق بە یەکێك لەگرنگترین وڵاتە گرنگی پێدراوەکان هەژماردەکرێت بۆ تورکیا، پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوانیان کاریگەرن بە بارودۆخی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، لەدوای 2014 عیراق و تورکیا رووبەرووی تەنگەژەی ئابووری بونەوە بەهۆی رووداوەکان بەتایبەت بەدیارکەوتنی (داعش) لەناوچەکە، پالنەرێك بوو بۆ ئەوەی زیاتر لێك نزيك ببنەوە، چونکە ئابووری تورکیا بەرەوڵاوازیی رۆیی و لیرەی تورکی دابەزینی زۆریی بەخۆیەوەبینی، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ئابووریی تورکیا و هەژمونی تورکیا دروستکرد (موسلو،2020،ل76)

لەبەرئەوەی هێزێکی هەرێمیی گرنگی وەك تورکیا پیویستی بەئابووریەکی بەهێزدەبێت، بۆئەوەوی تورکیا دەربازیبێت لەم قۆناغە ، ئەورێچکەیەی شکاند کە عیراق تەنها لەچوارچێوەی ئاسایش قەتیس

بکات، بەڵکولەگەڵ ئەمەشدا خستیە ناو هاوکێشە سیاسی و ئابووریەکانی، ئەم گۆڕانکاریە لە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا زیاتر لەپێناو بوژاندنەوەی ئابووری تورکیا و بەشداریکردنی بوو لە دووبارە بونیاتنانەوەی عیراق لەرووی بیناسازی و و پیشەسازیی و وەبەرهێنان لە کەرتی وزە، هەرێمیی کوردستان بەشێکی گرنك بوو لەم ستراتیجیەتە ،بووە شەریکی سەرەکی تورکیا و بە پلە یەك دادەنرێت لە هاوردەکردنی کاڵای تورکی لە ناوچەکە، (الصمادي، 2014،ص7). بەهۆی ئەوەی پێداویستی تورکیا بۆ گەشاندنەوەی ئابووری، بەهۆی ئەورروداوانەی کەلەسەرئاستی هەرێمیی نوێودەولەتی روویاندا وەك (داعش) و (کۆڤید19) ، کاریگەریی نەرینیان خستە سەر ئابووری تورکیا بۆ کەمکردنەی مەترسییەکان پەیوەندییەئابوورییەکانی لەگەڵ عیراق زیادکرد لەساڵی 2021 گەیشتە (12,62) ملیار دۆلار (OPEC,**2018**,P**82** ) .

لەسەر ئەم بنەمایە، سەرەرای ئەوەی پەیوەندی هەرێم و تورکیا گرژی تێدا دورست بوو، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 2019/9/25، بەڵام فاکتەری ئابووری هۆکاری سەرەکی هێوربوونەوەی ئەم کرژیانەبوو، چونکە دەبێتە هۆی وابەستەیی نەبوونی تورکیا لەبواری وزە بەدەوڵەتانی هەرێمیی وەك روسیا و ئیران، هەروەها نزیکترین رێگەیە بۆ دابینکردنی وزە و گەشەی ئابووری(دلي ،2022/11/20)، بەشێوەیەکی گشتی یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی ئابووریەکانی لەستراتیجیەتی بەرامبەر عیراق بریتیە لە(الغريري، 2017،ص210) :

1-بەردەوام بوونی ئالوگۆریی بازرگانی لەگەڵ عیراق، عیراق بەهاوبەشی سێیەم دادەنرێت لەم بوارەدا 53% لە قەبارەی ئالوگۆڕی نێوانیان پێك دێنێت.

2-بەردەوام بوونی هەناردنەدەرەوەی نەفتی عیراق لەڕێگەی تورکیا، عیراق برێکی زۆر لە نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات بەشێوەیەکی گشتی و زۆربەی نەوتی هەرێمیی کوردستان لەرێگەی تورکیایە هەناردەدەکات.

3-بەردەوام بوونی وەبەرهێنان تورکیا لەعیراق، بەشێوەیەك ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی لەهەرێمیی کوردستان و عیراق هەن، لەساڵی 2013 ژمارەیان لە هەرێم گەیشتە 1500 کۆمپانیا، جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی عیراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لقی چوارەم: زیادکردنی رێژەی یەکە و بنکە لەشکرییەکانی لە عیراق**

ئامانجێکی دیکەی "ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی" تورکیا زیاکردنی هەژموونی لەشکرییە، و بەئاشکرا کار لەپێناو بەدیهێنانی دەکات و سوود لەبارودۆخەکانی ناوچەکە بەگشتی و لە عیراق بەتایبەتی دەبینێت، تا ئەو رادەیەی هەوڵدەدات بنکە لەشکرییەکان و هێزی سوپاکەی لە ناوخاکی عیراق زیاد بکات. ململانێکانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، بە بوون و چالاکیی لەشکریی لە هەرێم، دەرفەت و بیانووی بەخشی بە تورکیا بۆئەوەی ڕاستەوخۆ سوپای بهێنێتە ناوخاکی هەرێمی کوردستانی عیراق و بنکەی لەشکریی دابمەزرێنێت. تورکیا لەسەر زاری سەرۆك وەزیرانی پێشووی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە حوزەیرانی 2018، کە لە بەغداد بەسترا ئاماژەی بەوەدا "کە 11 بنکەی لەشکریی لەعیراق هەیە، پەیوەندیدارن بە ڕوبەرووبونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. ئەم بنکانە ڕەوایی خۆیان هەیە و پێشێلکردنی سەروەریی عیراق نییە، لەهەمان کاتدا ڕۆلی هاوسەنگیی جیوستراتیجیی دەبینن لە عیراق، لەبەرامبەر هێزە هەرێمییەکان بەتایبەت ئیران (بشیر،2010/12/19).

هەروەها رێکخراوی(Community Peacemaker Teams - Iraqi Kurdistan-CPT) ئاماژە بە ئاماریکی دیکە دەکات کە، ژمارەی بارەگا و بنکە لەشکرییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بریتین لە 64 بارەگا و بنکەی لەشکریی، کە لەم ژمارەیە 55یان بارەگا و9یان بنکەی لەشکرین،(رحیم، 2022/7/30) . لەگەڵ ئەم ئامارانەی سەرەوەوە، بەڵام بەگویرەی دواین ئاماری کەبەریوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەیوەندیدار بە سەرۆکایەتی تورکیا، ئاماژە بەوەکراوە کە زیاتر لە (37) بنکەی لشکریی تورکیا لەناوخاکی عیراق داهەیە دەکەوێتە ناوخاکی هەرێمیی کوردستانی عیراق، وەك لە نەخشەی ژمارە(1) روونکرایتەوە، لەناوچەکانی دهۆك و زاخۆ و هەولێر و سۆران هەن، لەگەڵ ئەمانەشدا بنکەیەکی سەربازی هەیە لە (بەعشیقە) لە پارێزگای مووسل(Dri, **6/7.2020**). بۆ ئەم مەبەستە تورکیا هێزی لشکریی خۆی بەکارهێنا وەك ئامرازێکی پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان، بۆ ئەم مەبەستە چەندین بنکەی لشکریان هەیە وەك ( بامرنی) لە پارێزگای دهۆك و (دیرەلوك) و (کانی ماسی) (سیرسی) چەندین بنکەی لشکریی دیکە(حامد، 2017/12/27).

کەواتە، تەنها بوونی سوپای تورکیا لەناو خاکی عیراق بۆ رووبەرووی بونەوەی پەکەکە نیە،، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بریتیە لە ڕۆلگێرانی هەرێمیایەتی بەمەبەستی پێشاندنی هیز و سەڵماندنی بوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی وەك هێزێکی هەرێمیی کارا لەناوچەکە، بەژداربوونی لەدارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە بەتایبەت عیراق، گەیشتن بە قۆناغی هاوسەنگی هیزو هاوسەنگی هەرەشە.

## تەوەرەی دووەم: ئامرازەکانی ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر عیراق

پیادەکردنی ستراتیجیەت لەرێگەی چەند ئامرازێك دەبێت لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکان، تورکیا لەستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەییدا بەرامبەر عیراق چەندین ئامراز پەیرەودەکات گرنگترینیان:

لقی یەکەم: سوپا :

تورکیا خاوەن سوپایە(Ordu)کی بەهێزە، توانای پێدەبەخشێت بۆ رۆلگێران(Roleplaying) لەژینگەیی جیۆستراتیجی هەرێمیی، لەپێناو سەڵماندی وەك دەوڵەتێکی پێشرەو (الدولة الرائدة) (leading country) لەناوچەکە، بۆئەم مەبەستە نەخشەی ستراتیجیەتی خۆی دادەرێژێت بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی، و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی(National Security)(**یشیلطاش، 2017 ،ص27**) ، سوپا بەدوو شێواز بەکاردەهێنێت:

**1-شێوازی بەرگریی(Defensive)** :بەکارهێنانی هیزیی سوپا بۆ مانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە حکومەت هەوڵی بەردەوامیەتی بۆدەدات، وپاراستنی لەمەترسییە دەرەکییەکان، واتا سود لەهێزی سوپا وەردەگرێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن(ویلکیسون، 2017، ص48) ،

**2- شێوازیی هیرش بردن(**Offensive**):** دەولەت پەنادەبات بۆ میکانیزمی دووەم لەرێگەی سوپاوە کە بریتیە لە هێرش بردن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی، ئامانجەکانی پشت بەکارهێنانی هیزی لشکریی دەوڵەت خۆی لەدەستکەوتی هەرێمیی و ستراتیجی و ئابووری و سیاسی دەبێنیتەوە، وەك فاکتەرێك بۆ لاوازکردنی هەژموونی دەوڵەتێکی دیکە کە لەبەرژەوەندیی دایەزیاتر پیویستبوونی بە سوپا دەگەرێتەوە بۆ دەرئەنجامی هەروەها هەرەشە نزیکەکان (هاوسنورەکان) کە خۆی لە تەنگەژەکانی دەولەتانی دراوسێ و دەورووبەر دەبینێتەوە کە بە قولایی ستراتیجی هەژماردەکرێت، ئەم قولایی ستراتیجە بویتە جێگای دەستوەردانی دەوڵەتانی هەرێمیی و نیودەولەتی بەتایبەت عیراق و سوریا کە بۆتە گۆرەپانی بەریەکەوتنی بەرژەوەندییەکان (ابوحلاوة،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2015، ص4). لەگەڵ ئەوەی تورکیا ئەم دوو شێوازەی سەرەوەی زۆر بەروونی بەکارهێناوە، بەڵام سەرەرای ئەم شێوازانە، ئامانجەکانی بوونی سوپای تورکیا لە عیراق ئەمانەن:

**1**-بەژداربوونی وەك كاراكتەرێكی سەرەكی هاوشانی هێزە هەرێمیی نێودەولەتییەکان لەعیراق بەتایبەت دوای دوای بەدیارکەوتنی(داعش) داگیرکردنی موسل لەبەهاری 2015 (Kasapoglu&Cagapty,2015,)
2-سودوەرگرتنی تورکیا لە سوپاکەی بەمەبەستی پاککردنەوەی خاکی عیراق لە (PKK) بەتێروانینی تورکیا هەرەشەن بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (موصلو/ 2019، ص28) ،
3 – بەهۆی بوونی ناكۆكی لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمانەکان، سوپا وەك ئامرازێك بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی تورکمانەکانی عیراق،کە زۆرینەیان دەکەونە ناو شاری کەرکوك (خولي، 22يوليو2022)

**لقی دووەم: پارتە تورکمانییەکان**

بارودۆخی عیراق ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ستراتیجیەتی دەوڵەتانی دراوسێ بەرامبەر عیراق بەتایبەتی تورکیا، یەکێك لەم ئامرازانە کەسودی لێوەرگرتوە وئیستغلالکردنی لایەن و کەسانی تورکمانی عیراقە (Türkmenler) ، ئەم هەلوێستەی لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەدیارکەوت، ویستی تورکیا بریتی بوو لە کاڵبوونەوە و کەمکردنەوەی ڕۆلی کورد لەناوچەکە بەهۆی دیفاکتۆ(Defacto)ی هەرێمی کوردستان لە عیراق (الشبوط، 6مارس 2017)٬بۆیە هەمیشە تورکیا هەوڵی داوە تورکمانەکان بگەێنێتە قۆناغێك و یەکیان بخات و ڕۆلیان هەبێت لە عیراق بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیشی لەرێگەی ئەوانەوە بەدەستبهێنێت، یارمەتی دەربیت بۆ بونیاتنانی هێزیکی هەرێمیی کارا لەناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستە لە2 ئابی 2012 ئەحمەد داود ئۆغلۆ (Ahmet Davutoğlu)وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی تورکیا سەردانی کەرکوکی کرد، 36 ساڵ بوو هیچ سەرکردەیەکی تورکی سەردانی کەرکوکی نەکردبوو، لەم سەردانەدا چاوکەوت بەتورکمانەکان و وتارێکی پێشکەش ئەوەی دەربری کە هەمیشە تورکیا لەکەل تورکمانەکانی عیراقە لە هەمووکاتێك دا(Duman, 2012,S7) ، هەرچەندە لەسەردەمی رژێمی بەعس وانەبوو - بۆیە ئینتمای تورکمانەکانی عیراق و پەیوەستبوونیان بە تورکیا بە تیروانینی تورکیا کردارێکی فریادرەسە بۆ تورکمانەکان و

لەهەمان کات دا پالپشتییە بۆ نفوز و هەژموونی تورکیا لەعیراق، و هەمیشە هەوڵدەدات وەك کارتێکی فشار بەرامبەر حکومەتی عیراق بەکاری بهێنێت(الیاس، 2016 ، ص167-178)،".

لەم ڕیگەیەوە دەست لەکاروباری ناوخۆیی عیراق وەربدات، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی کەرکوك، کە دەوڵەمەندە بەنەفت. لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە تورکیا بەشیوەیەکی بەردەوام داوای ئەوەدەکات کە دەبێت تورکمانەکان مافی نەتەویی خۆیان بەدەستبهینن و گوایە هیچ کات بەتەنیا بەجێان ناهێلنن، ئەم ئاراستەیە لەلایەن سیاستمەدارو بەرپرسانی تورکیا دووبارەدەبێتەوە بەتایبەت سەرۆکی حزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی (الحركة القومية) (MHP ، Milliyetçi Hareket Partisi) دەولەت بەهجەڵی (Devlet Bahçeli )، ئەو لە لێدوانە نەتەوەپەرستییەکانی ئاماژەی بەوە کردووە کە تورکمانەکانی عیراق پەیوەندیەکی ئیتنیکیان لەگەل تورکیا هەیە وبەهیچ شێوەیەك دەستبەرداریان نابن، لەگەل ئەمانەش دا إبراهيم قالن(İbrahim Kalın)وتەبیژی سەرۆکایەتی تورکیا تیشکی خستە سەرئەوەی کە کەرکوك تیدا کوردو عەرەب تورکمان نیشتەجێن بەڵام ناسنامەی ئەم شارە لەبنەرەتدا تورکمانیە(أحوال التركية، 7يوليو2017)

لەراستیدا کارتی تورکمانەکان یەکێکە لە کارتە فشارەکان کە تورکیا دەیەوێت بەکاریبهێنێت. دەیەوێت تورکمان رۆلێکی گەورەیان هەبێت لە دارشتنی داهاتووی عێراق، بۆئەوەی تورکمان بالادەست بن لە شاری کەرکوك، هەرچەندە قەبارە و ژمارەیان زۆر کەمترە لە کورد و هەردوو پێکهاتەش لەسەردەمی رژێمیی پیشووی عیراق پێکەوە دووچاری تەنگو چەلەمەی زۆربوینەوە(الشبوط، 6مارس 2017)

**لقی سییەم: هەوڵگریی**

دامەزراوەی هەواڵگریی تورکیا (Milli İstihbarat Teşkilatıcode)(MIT ) یەکێکە لە ئامرازەکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی. تورکیا زۆر پشت بەم دامەزراوەیە دەبەستێت لەچالاکییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، تا ساڵی 2002 بەشێوەیەکی فەرمی لەژێر هەژموونی سوپادابوو، بەلام لەسەردەمی پارتی دادو گەشەپێدان بەشێوەی هەماهەنگی کاردەکەن، بەتایبەت دوای کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی 2016 کە چەند کاتژمێریك پێش ئەنجامدانی کودەتاکە هەوڵی کودەتای ئاشکرا کرد(صلاح، 5سيبتمبر2017) ، فراوانکردنی ئەرکی ئەم دامەزراوەیە کاری لەپێشینەی حکومەتە، بۆیە سەرۆك ئەردوگان کە لە ینایر/ کانونی دووەمی 2021 ئاماژەی بەوەکرد کە " دەزگای

هەواڵگریی نیشتیمانی کار لەپێناو بەرژەوەندیی ولات دەکات، لەهەرشوێنیکی جیهان بێت، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی هیچ ولآتێك ".(عبید، 29نوفمبر2021) بۆ ئەم مەبەستە ناوەندی لێکۆلینەوەی هەواڵگریان دامەزراندوە (مرکز الابحاث الاستخباراتیە)(ISAMER)( IsTihbarat Traştirmalari Merkezi) لەساڵی 2011 بۆ چاودێرکرنێکی ئەکادیمیانە بۆ ئەوگۆرانکاریانەی کە لەناوەندەکانی هەوالگریی روودەدەن، وە پێشکەشکردنی زانیاری بەشێوەیەکی زانستیانە لەبواری هەواڵگریی، چەندین ئەرکی تایبەتی هەیە( Milli Istigbarat Teşkilâti , 1Kasim1937)

لەڕیگەی ئەم ئامرازەوە تورکیا چەندین ئامانج و ستراتیجیەتی بەرامبەر عیراق بەدەستهێناوە، تا ئەوقۆناغەی (ناوەندی عراقی تورکی بۆ بەریوەبردنی پرۆسەی لشکریی) دروستکرد لە 22 مایوی 2021 دژ بە (PKK) لەناوخاکی عیراق، ئەم ناوەندە لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیاو عیراق بەریوەدەبرێت، لەم بارەیەوە وەزیری پێشووی بەرگری عیراق (جمعة عناد) لە کۆربەندی رافدەین کە لەبەغدا بەسترا ساڵی 2021، ئاماژەی بەوەکرد ئەم هەماهەنگیەی نێوان عیراق و تورکیا زۆر گرنگە، بەڵام هەموو پرسێك ناگرێتەوە زیاتر پرسی تیرۆر و پارتی کریکارانی کوردستان دەگرێتەخۆ(انديبيندس عربية، اسیبتمبر2021)

لەرێگای دەزگای هەواڵگریەوە تورکیا یارمەتی دەزگا هەواڵگرییەکانی عیراقی دا لەساڵی 2021 تیرۆرست سامی جاسم ئەالجبوری ( سامی جاسم الجبوری) دەستگیربکات، یەکێك بوو لە کەسەدیارەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام(داعش) وە جیگري سەرکردەی ئەم رێکخراوە (ابوبکر بغدادی) بوو هەروەها کەسێکی نزیکی أبو أبراهيم الهاشمي القريشی بوو، ( عربي نیوز، 12اکتوبر2021) . لەرێگەی دەزگای هەولگریی تورکیا چەندین هەلمەتی سەربازیی ئەنجام داوە لەعیراق لەناوچە جیاوازەکان بەتایبەت لە هەرێمیی کوردستان، بەهۆی بوونی (PKK) ، بۆ ئەوەی مەترسی ئەم پارتە کەم بکاتەوە لەڕیگەی هەولکریەوە لەناو خاکی هەرێمیی کوردستان شوێنەکان دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی بەئامانج بگیرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری تورکیا هاکان فیدان(Hakan Fidan) لە 11سیبتمبەری 2022 سەردانی عێراقی کرد، دور لەچاوی کامێراکان چاوی کەت بە هەریەکە لە سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێشوو مستەفا کازمی(مصطفى الكاظمي)، بەرهە م صالح ( برهم صالح) سەرۆك کۆماری پێشوو، و فالح فەیاز( فالح فياض) و خەمیس خەنجەر( خمیس الخنجر)، چەند پرسێك ئاماژەی گفتوگۆی لەسەرکرا وەك( پەکەکە، ئاو، پێدانی

چەکی لشکریی بە عیراق)، بەڵام زیاتر ئامانجی ئەم سەردانەی بریتی بووو لە بوونی پەکەکە لەناوخاکی عیراق وەك ناوچەکانی قەندیل و شنجار و مخمور، داوای کرد کە هەماهەنگی زیاتر بکرێت بۆ دەرکردنیان لەناوخاکی عیراق، هەروەها نزیك کردنەوەی لایەنەکانی عیراق بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتێك کە ـیدا بەرژەوەندییەکانی پارێزراوبێت(الالطرفي، 16سيبتمبر2022) .

**لقی چوارەم: ڕاگەیاندن**

تورکیا ڕاگەیاندن وەك میکانیزم و ئامراز بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەجێندای سیاسی و ستراتیجیەتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، بۆئەم مەبەستە ئەك پارتی(AKP) کۆنترۆلی گرنگترین دامەزراوەی راگەیاندنی کردوە بەناوی ریتۆك (RTÛK) دامەزراوەی باڵای رادیۆ و تەلەفیزیۆن(Radio and Television Supreme Council )( Radyo ve Televizyon Üst Kurulu) لەساڵی 1990 دامەزراوە، کاری ئەم دامەزراوەیە چاودیری کردنی تەلەفیزیۆن و رادیۆیە لە وڵات، دەبێت گشت راگەیاندنەکان بیستراو بینراو بە گوێرەی یاسا و ویستی ریتۆك کاربکەن، زۆرینەی ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە لە پارتی دەسەڵات دارە کەواتە دەبێت رادیۆ و تەلەفیزیۆن بە گوێرەی ویستی ئەکپارتی بێت، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی بەکاربهێنرێت بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی(دلشاد، 2021، ل215). بەهۆی ئەوەی راگەیاندنی تورکیا ڕەنگدانەوەی تێروانین و ئایدیۆلۆجیای (AKP)یە، تورکیا وەك ئامرازێك سودی لێوەردەگرێت لەستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەرامبەر عێراق بەتایبەتی و دەولەتانی عەرەبی بەگشتی، بەمەبەستی دەسکەوتنی بەرژەوەندییەکانی(حميد، 2017، ص73).

لەژێر کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن، تورکیا توانیویەتی بەچەند ڕێگا کاریگەری هەبێت لەسەر عیراق :

1- رۆشنبیری(الثقافة): راکێشانی سەرنجی بینراو بیستراو(جذب السمعي والبصري)، لەرێگەی هەناردەکردنی دراما تورکییەکان بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر بەتایبەت ولاتانی عەرەبی، پیشوازییەکی گەرم لە دراماکان دەکرێت بەتایبەت عیراق، ئەم درامایانە سێ بوار لەخۆدەگرێت( سیاسی، مێژوویی، سۆزداریی) کەهەرسێ بوار لە جیهانی عەرەبی جیگای سەرنج و تێرامانە، ئاین بەشێوازێك پێشاندەدات لەهەندێ دراما بەمەبەستنی پێشاندانی وێنایەکی باشی تورکیا کە دەوڵەتێکی مۆدێرن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیموکراسی خوازو پێشکەوتوە.زیاتر بۆ ئەوەی هەست و سۆز و هاوڵاتیان بۆ ئەم دەوڵەتە هەبێت و ئارەزووی گەشتکردن بکەن بۆ ئەم وڵاتە بکەن(عرفات،2022، ص 302).

2-ئابووری( الاقتصاد) بەبازارکردنی کالاکان: لەرێگەی پێشاندانی دراما تورکییەکان بەتایبەت ورگێردراوەکان، بازار بۆ کالاکانی دەستەبەردەکات، چونکە بەشێکی زۆری دراماکان کۆمپانیاکان پالپشتی داراییان دەکەن، بەمەش ئەم کۆمپانیایانە بازار بۆ کالاکانیان دەکەن لەرێگەی دراماکەوە، بەهۆی هەلبژاردنی کەسێکی رێك و سەرنج راکێش وەك پالەوانی دراماکە بۆئەوەی زیاتر سەرنجی بینەران رابکێشێت(المحمدي، 2020، ص115).

کەواتە بەبازارکردنی کالاکانی تورکیا لەڕیگەی ڕاگەیاندنەوە زۆر پەرەی پێدەدرێت لەچوارچێوەی ستراتیجیەتی ئاسایشی ئابووری تورکیا، بەشێوەیەك جگە لەپروپاگەندە کردن بۆ کالاکان لەرێگەی دراماکانەوە توانیویانە کاریگەری لەسەر بینەر دروستبکەن بەشێوەیەکی پیشەییانە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی، ئەمەش ڕەهەندێکی ئابووری و سیاسی و مێژوویی دەگرێتە خۆ، لەلایەکی دیکە ڕاگەیاندنی تورکیا توانیویانە کاریگەری دروستبکەن لەسەر زهنی تاکی عیراق لە ڕێگەی دراماکان بۆ بە بازارکردنی کالاکانیان بەتایبەت جل و بەرگ تا ئەوڕادەیەی گەنجی عیراق زۆر هەوڵدەدات هاوشێوەی کەسایەتییە دیارەکانی ناودراماکان خۆیان نیشان بدەن لەرووی جل وبەرگ و شێێوازو ستایلی ئەم کەسایەتیانە ، ئەمەش جۆرێکە لە چەسپاندنی کلتو رو بەبازارکردنی کالا، بۆیە ڕاکەیاندن ئامارزێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەرامبەر بەعیراق(المدى، 17يناير2011)

3- سیاسی (السیاسة)سەرەرای ئەمانە، چەندین تویژەر لە سەنتەری لێکۆلینەوەی رۆژهەڵاتی ( مرکز الدراسات الشرقيه) سەربەزانکۆی باندیون بۆ زانستە سیاسی و کارگێرییەکان، لە ئەثینا، تێدا ئاماژە بە کاریگەری رۆلی دڕاماکانی تورکیا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن ، کەلەم ساڵانەی دوایی زۆر بەخیرایی بلاو بۆوە، کە ئەمەش بەشێکە لەهێزی نەرم بەکاریدەهێنی بۆ پیشاندانی وینای تورکیا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش. توێژەر (بانایوتا کافاتاس) ئاماژە بەوەدەکات کە هەناردەکردنی دراماکان بەشێکە لەستراتیجیەت و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ، بەتایبەت بۆ ولاتانی عەرەبي، هەناردەکردنی بۆ ولاتانی عەرەبی و وەرگێران بۆ سەر زمانی عەرەبی و تێکەلگردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام و ژیانی هاوچەرخ بریتیە لە دیموکراسیەتی ئیسلامی، کە تورکیا بانگەشەی بۆدەکات.، بەرپرسی سەنتەری

لێکۆلینەوەی ڕۆژهەلات (خریستۆذولوس یالوریذیس) پیوایە کاریگەری ئەم درامایانە بەشێوەیەکی هێواش و قۆناخ بەندی بەدیاردەکەوێت(محمد، 2017، ص77) .

4- ئایدیۆلۆجیا سیاسەتی ڕاگەیاندنی تورکیا لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بریتیە لە پەیرەوکردنی ڕێبازی ( عوسمانیەتی نوی) بەتایبەت لەریگەی پێشاندانی کۆمەلێك دراما کەڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ویست و ئایدیۆلۆژیای عوسمانییەکان ئەم درامایانە لەژێر چاودێریی (دەستەی چاودێریی ڕاگەیاندنی تورکی ( هيئة الإعلام التركية) و (مجلس الاعلى للاذاعة والتلفيزيون) ئامانجی سەرەکیان بریتیە لە گەیاندنی سیاسەتی تورکیا بەجیهانی دەرەوە بەگشتی و جیهانی عەرەبی بەتایبەت وەك عیراق و سوريا)، بەتایبەتی درامای ( قيامة أرطغرل) کە پێشاندانی ئەم درامایە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنی(سوز، 11يناير2021). کەواتە (الفيديولوجيا) واتا سینەما سەرکەوتنی بەسەر (ئایدیۆلەجیا) بەدەست هێناوە هەروەك کەبیرمەندی ناوداری فەرەنسی (روجيس دوبري) قسە لەسەر ئەوبابەتە دەکات(خمفوسي، 11مارس 2019).

5- کۆمەلایەتی: درامای تورکی بەشێوەیەکی نەرینیانە کاریگەرییەکان هەبوو بەسەر تاکی عیراقی، هەروەك دکتۆر مؤيد و تویژەر عماد خلف لەتویژیینەوەیەکی مەیدانی دا ئەمەیان سەلماندووە کە کاریگەرییەکان ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕیژەی جیابوونەوە وخۆکوشتن وهەلوەشاندنەوەی خێزان لەرێگەی دراماکانیان، هەروەها ئاشناکردنی کۆمەڵگای عەرەبی بەگشتی و عیراق بەتایبەت بە کلتوری تورکیا(الدليمي، 2016، ص63).

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ڕاگەیاندنی تورکیا ئاراستەیەکی مەبەستداری هەیە بەرامبەر بەجیهانی عەرەبی بەگشتی و عیراق بەتایبەت، بۆگەیاندنی ئایدیۆلۆجیای ئەکپارتی و بەدەستهێنانی ئامانجەبالاکانی لە عیراق کە تێکهەلکێشی یەکتر کراون نەخشە بۆدارێژاوە، ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان لەخۆدەگرێت.

## دەرئەنجام

1- عیراق خاوەن تایبەتمەندی و پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیجیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، جێگای تێرامان و گرنگی پێدانە لە دارشتنی ستراتیجیەتی دەوڵەتان لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێو دەوڵەتی بەتایبەت تورکیا. کە هاوبەشێکی سەرەکی کارایە لە پەیوەندییەکان دا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- مەترسییەکان لە سنورە نزیکەکان زیار دەگوازرێنەوە وەك لە سنورە دوورەکان، بۆیە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا گرێدراوی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە عیراق و ناوچەکە روودەدەن بەتایبەت لەدوای 2011.

3- تورکیا و عیراق  خاوەن بەرژەوەندنی هاوبەشن ،تەواوکەری یەکترن بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان لەبوارە جیاوازەکان، پەیوەندییەکان هەمیشە رووبەرووی ئاستەنگ و گۆرانکاریی بویتەوە، لەبەرئەوەی  عیراق زیاتر پشت بە وزە دەبەستێت لەبواری ئابووری دا واتا دەوڵەتیکی هەناردەکارەی نەوتە، لەبەرامبەردا تورکیا فرە ڕەهەندە لە بواری ئابووری و دەولەتێکی هاوردەکاری نەوتە، تورکیا پردێکە بۆ گەیاندنی عیراق بەجیهانی ئەوروپا، لەلایەکی دیکە عیراق پردێکە بۆگەیاندنی تورکیا بە کەنداوی عەرەبی دەوڵەمەند بەوزە،  ئەم پشت بەیەکتر بەستنە هۆکارێکە بۆئەوەی ناکۆکییەکانیان نەگاتە قۆناغی بنبەست و پچران.

4- ڕوداووەکانی دوای 2011 لەعیراق بوە هۆی گۆرینی جێۆستراتیجیەتی هێز و سەر هەڵدانی ململانی هێز لەسەر ئاستی هەرێمیی بەتایبەت لە نێوان عێراق و ئیران، ململانێکان لەچوارچێوەی هاوسەنگی هیز و هاوسەنگی هەرەشەبوون، بۆیە تورکیا هەوڵی ڕۆلگێرانی هەرێمیی دەدات وبۆئەوەی ببێتە هێزێکی هەرێمیی کارا، بە پشت بەستن بە ستراتیجیەتی بەکارهێنانی هیزی ڕەق و نەرم.

5- ئامانجی سەرەکی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەڕامبەر عیراق لەدوای 2011 سەقامگیریی سنور و کەمکردنەوەی هەرەشە ئاسایشییەکان لەخۆدەگرێت،  پاراستنی ئەم ئامانجە لەرێگەی  چەندین ئامرازەوە جێبەجێدەکرێت هاوتەریب لەگەل  هاوکاریی و هەماهەنگی عیراق.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم - سەرچاوە کوردییەکان
1- ئەحمەد: زوبیر ڕەسوڵ(2022) هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی چ جۆرە پەیوەندییەك؟، سەنتەری توێژینەوەی ڕاپرسی، هەولێر.
2- حامد: شیروان(2019) گۆرانی سیاسی و شەری تائفی، ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە 51، نیسان.
3- موسلو: فاتیح (2020) پەیوەندییەکانی تورکیا و عیراق لە چوارچێوەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی، و:هێمن محەمەد قادر، گۆڤاری ئایندەناسی ، ژمارە2، تەمووز.

4- حەمە: هاوری حەسەن(2019) ، هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان: لێکدانەوەیەك لەسەر بنەمای ئاستەکانی شیکاری لە پەیوەندییەنێودەولەتییەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆتوێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە 71، تشرینی دووەم.

5-دلشاد، هێژا(2021)، پرسی کورد لەتورکیا، ڕەهەند سیاسیی، مێژوویی و کلتورییەکان، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی.

**دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان**

**(أ)- ڕاپۆرتەکان**

**1-** البنك الدولى في العراق( 2017) العراق الدراسة التشخيصية المنهجية عن العراق، **تقرير السنوي**، 3شباط/فبراير .

**(ب) – کتێبەکان**

**1-** أوغلو :أحمد داود (2011) العمق الاستراتيجي: موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت: جابر ثلجي و طارق عبدالجليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت،.

2- القيسي:محمد وائل (2013) مكانة العراق في الإستراتيجية الامريكية تجاه الخليج العربي:دراسة مستقبلية، مركز الجزيرة للدراسات، قطر،

3- النعيمي: أحمد نوري (2010) العلاقات العراقية-التركية: الواقع والمستقبل، دار زهران للنشر والتوزيع،عمان..

4-إلياس: فراس محمد (2016) تحليل السياسة الخارجية التركية وفق منظور المدرسة العثمانية الجديدة، الاكاديميون للنشر والتوزيع.

5- حميد:محمد طالب (2017) السياسة الخارجية التركية وأثرها على الامن العربي، العربي للنشر والتوزيع، القاهره.

6-ويلكينسون: بول(2017) ، العلاقات الدوليه، ت: لبني عماد تركي، مؤسسه هنداوي.

**(ج) تویژینەوەکان**

1- أبو حلاوة: د. كريم (2015) سياسات القوة الذكية ودورها في العلاقات الدولية، بحث منشور في مرو كز دمشق للابحاث والدراسات، 20ديسمبر.

2- أبو طالب: محمد قاسم، السياسة التركية تجاه العراق في ظل حزب العدالة والتنمية(2002-2015)، دبلؤم عالى غير منشور، جامعة اللبنانية ،كلية الحقوق والعلوم السياسية والإدارية. 2019.

3- البدري: د. مجيد حميد شهاب، محمد كشيش خشان الموسوي(2012) موقع العراق وأهميته في السياسة الخارجية لدول المجال الاسيوي الجديد (دراسة في الجغرافية السياسية)، مجلة كوفة، تصدر عن جامعة كوفة (كلية الأداب)، مجلد6، العدد16.

**4**- الغريري: محمد ياس (2017) الثابت والمتغيير في السياسات والمصالح التركية في العراق مابعد الداعش رؤية مستقبلية، مجلة الدولية للازمات والدراسات السياسية، المجلد1، العدد3،

5-الصمادي: فاطمة(10يوليو2014)العراق في الإستراتيجية الإيرانية: تنامي هاجس الأمن وتراجع الفرص، مركز الجزيرة للدراسات .

6-المحمدي: إنتصار غازي متروك(2022)أثر مشاهدة المسلسلات التركية الدبلجة على الاسرة المسلمة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منصورة، كلية التربية.

7-النداوي:خضير عباس(فبراير2012.)الدور التركي المحتمل في العراق بعد الانسحاب الأمريكي، مجلةأ راء تصدر مركز الخليج للابحاث، ، العدد89.

8- حامد: رائد(27ديسمبر 2017) تطورات الوجود العسكري التركي في العراق وتداعياته المحتملة، بحث منشور في مركز الجزيرة للدراسات، متاح على الرابط التالي:
https://studies.aljazeera.net/en/node/3990

9- حسين: حيدر على (2015)، العراق في الاستراتيجية التركية، مجلة دراسات دولية، العدد60.

10- خميس: خلود محمد (2018)، السياسة الخارجية التركية تجاه المنطقة العربية بعد التغيير (دراسة في الاهداف والوسائل)، مجلة القادسية، المجلد 9، العدد2.

11- الدليمي: مؤيد خلف حسين (2016)، و عماد خلف حسين، تأثير المسلسلات التركية المدبلجة في سلوك وأتجاهات الجمهور العراقي، مجلة باجث الاعلامي، العدد31، 31 مارس /أزار .

12- زغدان: مريم (2015)، السياسة الخارجية التركية تجاه العراق بعد الخليج الثالثة(2003-2015)، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر.

13- صلاح: مصطفى محمد (2017)، تركيا المتحولة من أتاتورك إلى أردوغان، بحث منشور في المركز الديمقراطي العربي، 5سيبتمبر، متاح على الرابط : ttps://democraticac.de/?p=48886

**14**- عرفات: داليا رشدي (2022)، التوجه التركي للهيمنه الإقليميه والنهوج الدولي: رؤيه تحليليه -تقيميه.مجله كليه السياسه والاقتصاد، القاهره، المجلد 16، العدد10.

15- فتح الله: سفين جلال (2017)، بيشرو صمد توفيق، البعد الجيوبولتيكي لمقومات السياسيه الخارجيه لإقليم كوردستان العراق، مجلة جامعة كرميان، المجلد 14، العدد 4.

16-مراد: فيصل (2018)، إشكالية وظيفة الحدود في ظل الظاهرة الأمنية المعاصرة، مجلة الحقوق والعلوم السياسية،الجزائر، العدد10.

17- مركز الدراسات المستقبليه (20 أب 2018)، العلاقات التركية الأمريكية ... من التحالف الى التصادم، الورقة البحثية رقم(3)تصدر عن مركز الدراسات المستقبلية، السليمانية،.

18- محمد امين: سكالا حسين (2021)، الاهمية الجيوستراتيجية لإقليم كردستان العراق من المنظور الإقليمي والدولي، مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد23.

19- موصلو: فاتح (2018)، إستراتيجية القواعد العسكرية التركية في العراق، مجلة رؤية تركية، السنة 8، العدد4، خريف.

20- محمد: نفطية (2017)، القوة الناعمة في العلاقات الدولية دراسة حالة تركيا 2002-2017، رسالة الماجستير ، جامعة الشهيد حمة لخضر –الوادي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر.

21- يشيلتاش: مراد (2017)، بنية الأمن القومي التركي بعد استفتاء 16 أبريل: توطيد الركائز، بحث منشور في مجلة رؤية تركية، السنة 6، العدد2.

**چوارەم سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

**(أ)کوردییەکان**

1- ڕەحیم: پەروێز (2022/7/30)، سیناریۆ و لێکەوتەکانی تۆپبارانەکەی گوندی پەرخ لە سنووری زاخۆ لەلایەن تورکیاوە، مێژووی بلاوکراوە لە سایتی پێنووس، مێژووی سەردان 2022/11/17، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1995-2022-07-30-13-47-29#_ftn1-

2-. هیتوتی: نوزاد (2020/22/12)، ئاڤاکۆیی: ڕێرەوێکی تیجاری یان کوریدۆێکی سیاسی و ئاسایشسأ، وتارێکی بلاوکراوە لە پێجی زەمەن، مێژووی سەردانیکردن 2023/1/12، بەردەستەلەم لینکە:
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3391

(ب) عەرەبییەکان

1- الطرفي: مؤيد (16سيبتمبر2022) تركيا تدخل على خط الأزمة العراقية: هاكان فيدان في بغداد لحث الساسة على حكومة تؤمن مصالح أنقرة، مقال منشور في موقع انديبيندت عربية،، تاريخ الزيارة 2023/1/12، متاح على الرابط:

(https://www.independentarabia.com/node/372236/%D8%B3%D9%8A%D8%A7)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- أحوال تركي: (7يوليو2022)الحكومة التركية والمعارضة تلعبان بورقة تركمان العراق، ، تاريخ الزياره 2022/11/10/ متاح على الرابط:
https://ahvalnews.com/ar/alhkwmt-altrkyt-walmardt-tlban-bwrqt-trkman-alraq/trkman-alraq

3- الجزيرة ( 2019/3/11)ماهي علاقة أردوغان بمسلسل قيامة أرطغرل؟، مقال منشور في موقع الجزيرة ، تاريخ الزيارة 2022/11/5، متاح على الرابط :
(https://www.aljazeera.net/blogs/2019/3/11/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%8)

4- الشبوط: محمد غسان(6 مارس 2017)السياسة الخارجية التركية حيال الشرق الأوسط: العراق نموذجاً، بحث منشور في المركز الديمقراطي العربي، ، متاح على الرابط التالي:
https://democraticac.de/?p=44244

5- المدى (2011/1/17)هل أثرت الدراما التركية على رواج منتجاتها في الاسواق المحلية؟، مقال منشور في موقع المدى ، تاريخ الزيارة 2023/1/12، متاح على الرابط:
https://www.almadasupplements.com/view.php?cat=1173

6- النعيمي: د. هدى(4نوفمبر2007) تركيا وهواجس كردستان الكبرى، مقال منشور في مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، تاريخ الزيارة 2022/12/10، متاح على الرابط:
(https://www.ecssr.ae/reports_analysis/%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8)

7- باكير: على حسين (2019/6/25)تركيا في العراق .. كيف استطاعت أنقرة أن توسع نفوذها في بغداد؟، مقال منشور في موقع الجزيرةنت ، تاريخ الزيارة 2022/12/20، متاح على الرابط:
(https://www.aljazeera.net/midan/reality/politics/2019/6/25/%D8%AA%D8%B1%)

8- بشير: خالد(2020/12/19) التمدد التركي في العراق.. هل يقف عند حدود اللاقتصاد؟ مقال منشور في موقع حفريات ،تاريخ الزيارة 2022/12/10، متاح على الرابط:
(https://hafryat.com/ar/blog/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%85%D8%AF%D9-)

9- خولي: معمر فيصل (22يوليو2022) القواعد العسكرية التركية في شماي العراق.. ضرورة دهولتية أم إعتبارات توسعية؟، مقال منشور في موقع مركز الروابط للبحوث والدراسات الإستراتيجية، تاريخ النشر 22يوليو 2022، تاريخ الزيارة 2023/2/6، متاح على الرابط:
https://rawabetcenter.com/archives/149066

10- دلي: خورشيد (2022/1/18)كردستان ومعركة النفط، مقال منشور في موقع الجيرة ، تاريخ الزيارة 2022/11/20، متاح على الرابط التالي:
(https://www.aljazeera.net/opinions/2014/1/8/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11- سوز : جوان( 2021/1/11)سلاح أردوغان لنشر " العثمانية الجدية" عائدات الدراما التركية تتراجع ب2020، مقال منشور في الموقع العربية نت، تاريخ الزيارة 2023/1/10، متاح على **الرابط:**(https://www.alarabiya.net/arab-and-world/2021/01/11/%D8%B3%D9%84%)
12- صلاح: مصطفى محمد(5سيبتمبر2017) تركيا المتحولة من أتاتورك إلى أردوغان، بحث منشور في المركز الديمقراطي العربي، متاح على الرابط: https://democraticac.de/?p=48886
15- عبيد: أيمن(2022/11/29)دبلوماسية الاستخبارات التركية وتطور الأدوار والمكانة، مقال منشور في نون بوست، تاريخ النشر ، تاريخ الزيارة 2،2023/10، متاح على الرابط التالي:
https://www.noonpost.com/content/45902%
16-موقع رسمي لوزراة تخطيط العراقي، الجهاز المركزي للاحصاء، تاريخ الزيارة 2022/9/10، متاح على الرابط: https://cosit.gov.iq/ar/?option=com_content&view=article&layout=edit&id
17- نجاد: مريم خلي ، مشروع الإقليم السني: تحد خطير للشرق الاوسط، ت:خالد حفظي التميمي، مقال منشور في مركز الدراسات الاستراتيجية، تاريخ النشر 29ديسمبر2020، تاريخ الزيارة 2023/1/23، متاح على الرابط:
(http://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2020/12/29/%D9%85%D8%B4%D8%)

**سییەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

**(أ) راپۆرتەکان**

1- OPEC,(2018) Annual Statistical Bulletin, Report.
2- OPEC,( 2019) Annual Statistical Bulletin Report.
3-OPEC,( 2020) Annual Statistical Bulletin Report,

(ب)کتێب و تویژینەوەکان

1- Aydin: Mustafa. and, Aras Damla(2005) Political Conditionality of Economic Relation Between Rationalist States, Turkeys Legation with Iraq, Iran, And Syria, ASQ, Vol, 27, No1-2.
2- Cament :David and James: Patrick(1996) Two level games and third –party intervention: Evidence from Ethnic conflict in the Balkan and South Asia, Canadian Journal of political science.
3-2- Dri : Karwan Fadhil, (6/7/2020)Ankara has built nearly 40 ‘military points’ in Kurdistan Region: Turkish presidency, Rudaw Website, Visited 20/11/2022, available at; https://www.rudaw.net/english/kurdistan/06072020
4-Kasapoglu: Can and Cagaptay: Soner, Turkish’s Military Presence in Iraq: A Complex Strategic Deterrent, The Washington institute For Near East Policy, , 22 December2015 ,available at:
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkeys-military-presence-iraq-complex-strategic-deterrent

چوارەم: سەرچاوەی تورکیەکان
1- Atmaca :Ayşe Ömür (2011 )"Yeni Dünyada Eski Oyun: Eleştirel Perspektiften Türk - Amerikan İlişkileri", Ortado u Etütleri, Cilt 3, Sayı 1, Temmuz.
2- Duman: Bilgay(2012) Dişişleri Bakani Ahmet Davutoğlu'nun Kerkûk Ziyareti, OSAM Report No.132, November.
3- Özçelik Sezai(2013), Türkiye- Amerika Birlşik Devletleri- Irak İlişkileri: Bermuda Şeytan Üçgeni- 2000- 2007 Dönemi Boyunca Kuzey Irak, Jeopolitik Ve PKK, ankırı Karatekin Üniversitesi Uluslararası Avrasya Strateji Dergisi 2 (1).
4-Milli Istigbarat Teşkilâti(1Kasim1937) Bağlantıda mevcut:
https://www.mit.gov.tr/isamer.htm

---

# Turkish National Security Strategy Towards Iraq after 2011 (Objectives and Means)

**Asst. Prof. Dr. Azad Salih Othman**
Department of Political Sciences, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
salih.azad@gmail.com

**Beastun Omer Nuri**
Department of International Relations, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Beastun.nuri@su.edu.krd

***Keywords:*** *Strategy, National Security, Iraq, Turkey, Objective, Means, Intrest, Smart Power*

## ABSTRACT

Since 2011 the Arabic region, including Iraq, has been witnessing a wave of changes, which have affected the deterioration of the political, economic, security, and social conditions, and are reflected in changing the geostrategic power in the region. There is an opportunity for regional powers to impose their hegemony and review their strategies to achieve their higher goals.

In the framework of these changes, Turkey has changed its security strategy orientation towards the region in general and Iraq, in particular, to protect its interests and achieve its higher goals, because Iraq is in the midst of events. Because

of the proximity of the geographical borders and the importance of the location of Iraq, these changes directly affect Turkey's national security. In order to reach its strategic objectives in Iraq, it reformulated its security strategy towards Iraq and ensured the territorial integrity of Iraq. In order to ensure the safety of national security and achieve its goals in Iraq, such as containing the future of the Kurdish entity in Iraq, increasing its influence in Iraq and benefiting from Iraqi economic resources, and to achieve these goals, it relied on several means such as the army, Turkmen parties, intelligence and media.

---------------------------------------------------------------

## إستراتيجية الأمن القومي التركي تجاه العرق بعد 2011
## الأهداف والوسائل

**ملخص:**
شهدت المنطقه العربيه بما فيها العراق بعد 2011 موجة من التغييرات، التى تؤثر على الاوضاع السياسية والاقتصادية والأمنية ولإجتماعية، وانعكست على تغيير جيوستراتيجية القوة في المنطقة. تبعا لذلک اصبحت هناك فرصة للقوى الإقليمية لكي تفرض هيمنتها وتفعل أنشطتها في المنطقة، ولمراجعة استراتيجياتها لتحقيق أهدافها العليا والخاصه.
في إطار هذه التغيرات، غيرت حكومه تركيا توجه استراتيجتها الأمنية تجاه المنطقة بشكل عام والعراق بشكل خاص، من أجل حماية مصالحها وتحقيق أهدافها الخاصه، لأن العراق اصبح في وسط الأحداث. بسبب قرب الحدود الجغرافيه وأهميه موقع العراق الجيوسياسی تؤثر هذه االتغيرات بشكل مباشر على الأمن القومي التركي. من أجل الوصول إلى أهدافها الإستراتيجية (العامه والخاصه) في العراق و لضمان وحدة الأراضي العراقية (للوقوف ضد انفصال اى استقلال اقليم كردستان) ايضا قامت حكومه تركيا باعادة صياغة استراتيجيتها الأمنية تجاه العراق. باختصار من أجل ضمان سلامة الأمن القومي و تحقيق الأهداف الخاصه في العراق، خاصه إحتواء مسقبل الكيان الكردي في العراق، وزيادة نفوذها وهيمنتها في العراق و الاستفادة من المصادر الاقتصادية العراقية. ولتحقيق كل هذه الأهداف تعتمد على عدة وسائل مثل الجيش والمخابرات و الاعلام و احزاب تركمانيه(خاضعه لها) .